Zahawi Center زەهاوی..
Liked 21K likes


ووتار

Like 0 Tweet Share

## خوێندنەوەیەك بۆ "ڕێبەری ئاسان بۆ مەبەستەکانی شەریعەت"

بەروار: 09/09/2018
بینین: 204

کۆسرەت صالح



***کۆسرەت ساڵح ئەحمەد***
***توێژەر و مامۆستا لە زانکۆی سەلاحەددین – هەولێر***

**ئەم پەرتووکە لە بنچینەدا بە زمانی ئینگلیزی نوسراوە بە ناونیشانی: (Maqasid al-Shari'ah Made Simple) لەلایەن نوسەر و بیرمەندی گەورەی ئەفغانی (محمد هاشم کەمالی) نوسراوە، کە یەکێکە لە بیرمەندە هەرە بەناوبانگەکانی ئیسلامی بەتایبەت لە جیهانی رۆژئاوا، هۆکاری ناسراوی ئەم بیرمەندە لە جیهانی رۆژئاوا دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە زۆربەی پەرتووك و توێژینەوە و نوسینەکانی بەزمانی ئینگلیزی رێنوس و بڵاوکردونەتەوە.**

**ئێستا دانیشتووی مالیزیا و بەردەوامە لە توێژینەوە و کاری ئەکادیمی و خاوەنی چەندین توێژینەوە و پەرتووکە. یەکەم گەڕی چاپی ئەم پەرتووکە لە ساڵی 2008 لەلایەن پەیمانگای جیهانیی فیکری ئیسلامی لە لەندەن و واشنتۆن بڵاوکراوەتەوە.**

**ئەم پەرتووکە لەلایەن کۆسار بەرزنجی کراوە بەکوردی، وەك بەرهەمی ژمارە 19ی سەنتەری زەهاوی بۆ لێکۆڵینەوەی فیکریی لە ساڵی 2012 چاپ و بڵاوکراوەتەوە، لە سلێمانی  لە هەردوو ناوەندی رێنوێن و سارا، هەروەها لە هەولێر لە نوسینگەی تەفسیر دەستدەکەوێت.**

**پەیمانگا سەبارەت بە چاپکردنی ئەم پەرتووکە نووسیویەتی: "پەیمانگای جیهانی فیکری ئیسلامی خۆشحاڵ دەبێت ئەم ڕێبەرە پێشکەش بە خوێنەران بکات، کە پێناسێکی لەخۆگرتووە لەمەڕ بابەتی مەبەستەکانی شەریعەت کە ئامانجە گەورەکانی شەریعەتی ئیسلامیین، نووسەری ئەم پەرتووکەش دکتۆر محەمەد هاشم کەمالی، زانایەکە لە چەندین بواردا خاوەن پسپۆرییە، بەهەمان شێوەش لە بواری مەبەستەکانی شەریعەتدا".**

**ئەم پەرتووکە جگە لە پێشەکی نووسەر و پێشەکی وەرگێر لە پێنج بەشی سەرەکی پێکهاتووە، کە ئەمانەن: (مەبەستەکانی شەریعەت و بنەماکانی، پۆلێنکردنی مەبەستەکانی شەریعەت و ریزبەندیکردنیان لە گرنگترینەوە بۆ گرنگ، کورتەیەکی مێژووی سەبارەت بە پەرەسەندی ئەو مەبەستانە، شێوازی زانایان و بۆچوونیان سەبارەت بە پێناس و ناوەرۆکی ئەم مەبەستانە، پەیوەندی نێوان مەبەستەکانی شەریعەت و ئیجتیهاد). ئەم پێنج بەشەش بەشێوەیەکی تر بە سەر دوانزە بڕگە دابەشکراون.**

**بڕگەی یەکەم تایبەتە بە (ئامانجەکانی شەریعەت: ئامانجەکانی یاسادانانی ئیسلامیی) کە تیاییدا کورتەیەك سەبارەت بە ناوەڕۆکی پەرتووکەکە خراوەتە ڕوو.**

**دواتر لە بڕگەیەکی سەربەخۆدا شیکاریی ئەو دەقانە دەکات کە بوونەتە سەرچاوەی مەبەستەکانی شەریعەت. ئینجا دەچێتە سەر پۆلێنکردنی مەبەستەکانی شەریعەت کە بریتین لە زەروری و حاجیات و تەحسینیات یان کەمالیات.**

**پاشان مەبەستە زەرورییەکان بەسەر پێنج لق دابەش دەکات: (پاراستنی ئایین، پاراستنی ژیان، پاراستنی وەچە، پاراستنی ئەقڵ و هۆش، پاراستنی سامان). دواتر مەبەستە حاجی و تەحسینییەکانیش شیدەکاتەوە.**

**دوابەدوای ئەم پرسە راستەوخۆ باس لە پۆلێنکردنێکی تری دوانەیی دەکات، کە بریتییە لە (المقاصد القطعية والمقاصد الظنية)**

وتار



کتێبی (بنکەکردنی دیوارێکی لەرزۆک)...
هۆشیار جەمال



هونەری ڕەنگەکان لە ئیسلامدا و کاریگەرییان لەسەر...
محمد مەلا محمود تاوگۆزی

زیاتر

توێژینەوە



بیری نەتەوایەتی و ڕەنگدانەوەی لەنێو فەرهەنگی ئیسلامیدا (...



ناوەدانکردنە و ویرانکاری...



گرنگترین و دیارترین هۆکارەکانی دروست بوونی (ئیختیلاف) ...

زیاتر

ڤیدیۆ

واتە مەبەستە یەکلاکراوە و بێگۆمانەکان، لەگەڵ مەبەستەکانی تر کە پلەی بەهێزیان لە خوارتر و کەمترە و بە زەنی ناونراون.

بۆ سێیەم جار پۆلێنێکی تری جیاواز بۆ مەبەستە شەرعییەکان دەکات لە هەردوو مەبەستی سەرەکی و مەبەستی شوێنکەوتە کورتیان دەکاتەوە. کە بەشەشی یەکەمی ئەم پۆلێنە لەلایەن پەروەرێنەوە دیاریکراون و بەشی دووەم لەلایەن خاوەن زانست و فەقیهەکان دەستنیشان دەکرێن. لەمیانەی شیکردنەوەی ئەم جۆرە باس لە کێشەیەکی ریشەیی دەکات و لە رێگەی پرسیارێکەوە دەیوروژێنێت، کە ئەمەیە: (چۆن دڵنیابینەوە لەو کەسەی پلەبەندیی مەبەستەکانی شەریعەتمان بۆ دەکات، کە بە شێوەیەکی هەڕەمەکی کارەکە ئەنجامنادات؟).

لە بڕگەیەکی تردا باس لە مێژووی مەبەستەکانی شەریعەت دەکات. دواتر باس لە چۆنیەتی و شێواز و رێگاکانی دیاریکردنی مەبەستەکانی شەریعەت دەکات.
لە کۆتا بڕگەدا چەند وردە بابەتێکی مەنهەجی پەیوەست بە مەبەستە شەرعییەکان شیکاردەکات و لە کۆتاییدا گرنگترین ئەنجامەکانی ئەم توێژینەوەیە دەخاتە روو.

ئەم رێبەرە رێنوێنیکارێکی باشە بۆ ئەو خوێنەرانەی زانیارییەکی ئەو تۆیان نییە سەبارەت بە پرسی مەبەستە شەرعییەکان, کە دەستیان دەگرێت بۆ ئاشناکردنیان بە هێڵە سەرکی و گشتییەکانی پرسەکە.



- ماف و ئازادیەکان لە ئیسلامدا د.سەباح بەرزنجی...



- هونەری ڕەنگەکان لە ئیسلامدا و کاریگ...
  محمد مەلا محمود تاوگۆزی




- وڵاتانی ئەوروپاو ئەمریکا وەک شوێنی بازرگ...
  هۆشیار جەمال



- کورد لە ململانێی عوسمانی سەفەوی دا خو...
  د. ئاراس محمد صالح



- میانڕەویی و کاریگەریی ئەو لە پەروە...
  د.سەباح بەرزنجی




- کتێبی (بنکەنکردنی دیوارێکی لەرزۆک)...
  هۆشیار جەمال



- پاشای دادپەروەر...
  فەرەیدوون ئە حمە د



- شارستانیەتی ئیسلامی، هۆکاری دواکەوتن...
  لوقمان سەمەد برادۆستی



- خوێندنەوەیەك بۆ كتێبی "منهج القرآن ال...
  هەژار حاتەم



- زانستی نوێ سەلماندی: "گشت مرۆڤەکان تەنها...
  د. ازاد علي اسماعيل



- ئیلحاد و ئەخلاق ... ئەگەر خواوەند نەفس...
  و: د. مەریوان حەمە دەروێش صالح

1 بۆ 10 لە کۆی 213 سەرەتا کۆتایی

Copyright ©, All Right Reserved.

Created by DotNet For IT Solutions